رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-4-2007 13:17

## بوێری ڕۆژنامەنوسن و تەریق بونەوەوی ئیعلامی یەکان، بۆساڵ یادی دەرچونی یەکەمیین ڕۆژنانەی موردی ... پێشڕەو حەمید



ناساندنی کائینێك بەناوی (ڕۆژنامەنوس) ڕەنگە ئەوەندە کارێکی ئاسان نەبێت، ئەگەر هەریەکە لەئێمە فۆرمی ئیشکردنی ئەو کائینە نەناسینەوە و ماندوبونی لەکارکردندا توشی تێڕامانێکی ویژدانی مەنان نەکات و کارەکانی نەبێتە هۆکاری ئەوەی هەریەکەلەئێمە بەمانا ڕاستی یەکەی خۆیی شوناسی ڕۆژنامەنوسی پی نەبەخشین؟! چونکە کەسی ڕۆژنامەنوس کائینێکی تەواو جیاوازەو هەموو کەسێکیش ناتوانێت ڕۆژنامەنوس بێت و هەرچیش شوناسی ڕۆژنامەنوسی بۆخۆی دیاری کرد، مەرج نیە ڕۆژنامەنوس بێت؟! کارکردن لە ڕۆژنامەدا وەك ئەوە وایە لەنێو جەنگێکی بی کۆتادابیت و دەبێت هەمیشە ئامادەبیت بۆ ئەوەی (گوللە) یەك بتپێکێت؟! ئەوەش بەو مانایەی نا کە کارکردن لەهەموو ڕوژنامەیەکدا مانای بەشداری کردنبێت لەجەنگدا، بەڵکو تۆ کاتێك دەجەنگی کە ڕۆژنامەکەت ڕۆژنامەی خەڵك و دەنگی خەڵك و سەکۆی ئەو کەسانەبێت کە هیچ سەکۆیەکیان نییە دەنگی تێدا هەڵببڕن، کەسێك بخوازێت بەمانا شوناسی ڕۆژنامەنوسی هەڵبگرێت دەبێت بەرلەهەموو شتێك شەڕلەگەڵ مرۆڤەکەی ناوەوەی خۆیدا بکات، ئەو مرۆڤەی کە خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتی شەیتانی یە و سەرێکی هەیە و دەیان زوبان، دەبێت هەمیشە لەگەڵ هەڵگرتنی قەڵەمەکەیدا ئامادەیی هەبێت بۆ هەڵگرتنی ئەو هەموو ئیهانەکردنەی کە بەرامبەری دەکری، بەتایبەتی لە فەزایەکی تاریکی وەك کوردستاندا کە کەسی ڕۆژنامەنوس هەمیشە بونەوەرگەلێکی ناشرین و نەفرەتی یە لە دیدەی (حیزب و دەسەڵات) ەوە بەتایبەت ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە ڕۆژنانە فایلە قەبەکانی بەرپرس و کۆلکە بەرپرسە گەندەڵەکان ئاشکرا دەکەن و ڕوی ڕاستی قارەمانێتی یان دەخەنە بەرچاوی تەواوی خەڵکەوە.

کەم ڕۆژنامەنوس هەیە لە کوردستاندا توشی ئیهانەکردن و گرتن و تێهەڵدان نەبوبێت لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە کەم ڕۆژنامەنوس هەیە لەلایەن بەرپرسێکی گرگن و کۆلکە بەرپرسێکەوە سوکایەتی پێنەکرابێت یان بەردەوام وەك دێوەزمەیەك بە شوێنی یەوە نەبوبێت و هەمیشە ئارەزوی کوشتنی نەکردبێت.

ئێستا لەکوردستاندا دوو جۆری دیاری لە ڕۆژنامەنوس و لە ئیعلامی هەیە کە ئەمەی دواییان بەهەمان شێوە ناوی لەخۆی ناوە (ڕۆژنامەنوس) کە لەکاتێکدا جگەلە (ئیعلامی یەکی هەزیل) ناتوانرێت لەوە باشتر شوناسی بۆدیاری بکرێت بەڵام دەکری بەهەمان هاوشێوەی هەزیل ناوی لێبنرێت (قەڵەمێکی بارگاوی بوو) کە هەردووکیان لەیەك کاتدا و هەریەکەیان بەفۆرمی تایبەتی خۆیی بەردەوام لەکارکردندان (ڕۆژنامەنوس) کەسێکە کە بەردەوام لەجەنگەکەدا یەو چاو نەترسانە سەنگەرەکان دەپشکنی و نهێنی یەکان ئاشکرا دەکات و چیرۆکەکان وەك خۆی دەگێڕێتەوە، وە هەروەها کەسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(ئیعلامیی) بونەوەرێكە هەمیشە لە جەنگەكاندا هەڵهاتو وە و هەوڵی شاردنەوەی زیاتری نهێنی یەكان دەدات و ئارایشتی ڕاستەقینەكانی چیرۆكەكان دەكات و بەردەوام تەریق بونەوەكانی خۆیی لەبەرچاوی خەڵك و ویژدانی ناوەوەی خۆی جارێك لە مردنی سیمبولی قەڵەمەكەی و كەسایەتی خۆی نزیكی ناكاتەوە و هیچ كاتێكیش نایەوێت بۆ تەنها جارێك قەڵەمەكەی لە مەزاد خانەی سوكایەتی پێكردندا بهێنێتە دەرە وە و ڕێز بۆ قەڵەمەكەی وەربگرێتەوە.

دواجار بۆیادی ساڵڕۆژی دەرچونی یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی، سڵاو بۆ تەوای ڕۆژنامەنوسان، سڵاو بۆ ڕۆژنامەنوسی بوێرو شەهید (دیلمان عوسمان) ی هاوڕێم كە وەك جەنگاوەرێكی چاونەترس تا دوا هەناسە لە جەنگەكەدا مایەوەو هەرلەو پێناوەشدا و لە كاریگی ڕۆژنامەنوسی دا لەشاری (كەركوك) توشی كارەساتێكی دڵتەزێن هات و دواجار لەڕۆژی (22 ی نیسانی 2004) گیانی سپاردو بەو مەرگە ناوادەیە ش بەرەی جەنگی ڕۆژنامەنوسان جەنگاوەرێكی چاونەترسی لە دەست چوو.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.